
### ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# مەم و زینم لە پەنجەرەوە ئەبینی

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت

ئەگەر بەساڵی جارێك، یان بەچەندساڵێك چالاكییەكی هونەری لەسلێمانی بنوێنرایە، ئەوا بەر لەهەمووان ئێمەی كوڕ و كاڵی گەڕەكی چوارباغ پێمان دەزانی، چونكە تەنیا شوێن و شانۆیەك كە ئەو شارە شكی دەبرد، هەر ئەو شانۆییەی ئامادەیی سلێمانی بوو، كە لەپاش كۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دەست بەدرووستكردنی كرابوو، كەواتە بەپێی هاوسێیمان لەو قوتابخانەیەوە ئاگادار دەبووین، لەوەی بڵندگۆ و دهۆڵ و زوڕنا شەقام و كوچە و كۆڵانەكانی شار بەڕیكلامی ئاهەنگە هونەرییەكە بهەژێنن، ئەو دەمانەش، شار هێندەی گەڕەكێك لەگەڕەكە نوێیەكانی ئێستای دەبوو، ئەو كاتە پێویستی بەتەكسی نەبوو، بۆیە هەر نەبوو، هەر بۆیە گچكەترین هەواڵ لەڕەشەبا بەناوبانگەكەی سلێمانی خێراتر دەگەیشت و بڵاو دەبوویەوە، دەنگ بڵاوبوویەوە كە لە ڕۆژی (٢٣) ی مانگی شوبات كە دەیكردە ڕۆژی (٤)ی ڕێبەندانی كوردی، ئەو ساڵە كە ساڵی (١٩٥٨) بوو، شانۆی (مەم و زین)ە كەی (ئەحمەدی خانی )، لەلایەن قوتابیانی ناوەندی شەوانەوە پێشكەش دەكرێ، ڕۆژانێكی باران و هەور و هەڵابوو، دەرهێنەرەكەی مامۆستا (ئەنوەر



تۆفی) بوو کە دیواری ماڵمان بەدیواری ماڵیانەوەبوو کاکە(دلێر)ی کوڕیش لەیەك پۆلدا بووین و برادەرم بوو، بۆیە ڕۆژانە ئاگاداری هەواڵی شانۆییەکە دەبووم، ئەو دەمە خەڵکی شار، خێزان، خێزان دەچوونە سەیری شانۆ، هەر چۆن زۆربەیان ڕۆژانی چوار شەممە، جگە لەوەرزی زستان، دەچوونە باخچەی گشتی، و ڕۆژانی دیکەش بۆ سەر وەیس و قورییەشکاوەکانی با و سەرچنار یان ئێوارانی هەینی دەچوون بۆ بینینی سینەما، ئەوەی دیاردەیەکی سەیر بوو خەڵکی هەر چۆن بۆ سەیران خواردنیان لەگەڵ خۆیان دەبرد و بۆ شانۆش بەهەمان شێوە، ئیتر ئەمە(تەڕەساز) و قەزوان و چەقالەی سوێر و.....

ئەو ڕۆژە هات و، دەمەو عەسر بەرەو شانۆکە چووین خەڵك بەلێشاو دەهاتن، تکت بە(١٥٠) فلس و(٢٥٠) فلس بوو، لەکاتێکا سینەما بە(٤٠) فلس و(٧٠) فلس بوو، بووە پاڵەپەستۆو، هەر خەریك بوو بکەوینە ژێر پێ و بتلیشێینەوە، نەمانتوانی بچینە ژووری، ناچار لەگەڵ کوڕ و کاڵاندا خۆمان گەیاندە پەنجەرەکان، کە هەر لە تەنیشتێکی هۆڵەکەوە شەش پەنجەرە هەبوو، شوێنی خۆمان گرت، سەرەتا بوو بە بەزم و ڕەزم و گۆرانی و مۆسیقا و جاروبارەی شیعر و قسەی نەستەق، دوا بەدوای ئەوە، پێشکەشکار هاتە سەر شانۆو بەدەنگێکی زوڵاڵ کەوتە سەر ناوبردنی بەشداران و لەسەرەتادا، باسی چۆنیەتی ئامادەکردنەکەی کرد، کە لەلایەن و کاك(ئەمین میرزا کەریم)ەوە، لە وەرگێراوە، عەرەبییەکەی (مەم و زین) کە(محەمەد سەعید ڕەمەزان) کردبووی بەعەرەبی ساڵی (١٩٥٧) لەشام چاپ کراوە، لەم کاری ئامادەکارییەشدا، هونەرمەند(قادر دیلان) هاوکاری کردووە، پاشان مامۆستا(ئەنوەر تۆفی) دەریهێناوە، ئیدی یەکە یەکە ناوی ئەکتەرەکان و کەسایەتییە شانۆیەکەیانی خوێندەوە:

قادر دیلان، لەدەوری (مەم) دا و، گوڵزار عومەر، لەدەوری (خاتوو زین) دا و، ڕەئوف یەحیا، لەدەوری (تاژدین) دا.....

ئاماژەش بەوەکرا، کە ئەمە یەکەم جارە لەمێژووی شانۆیی کوردی دا کوڕ و کیژێك بێنە سەر شانۆ.

**شانۆیی(مەم و زین)م، دووجار بینی، بەڵام ئەو جۆرە بینینە، یەکەمیان لەو دیوو پەنجەرەوە، دووەمیان لەم دیوو پەنجەرەوە، بۆیە ناهەقم نییە گەر ئەو ساتانەی ئەو دوو ڕۆژەم لەزەینا نەسڕێتەوە...**

بەهەر حاڵ پەردەی لەسەر یەکەم بینراوی شانۆییەکە، لەتەك چەپڵە ڕێزانی بینەراندا کرایەوە، هەر دەتگوت بەو پەردە هەڵکشانە، بۆ جیهانێکی سەیر، جیا لەو ژیانەی تیادا دەژیاین، هەر دەتگوت جادووە، هەر ئەو دەمە هەستم بە بەهێزی سیحری شانۆ کرد، دیکۆری سەرنجڕاکێشن کە زۆربەیان لەسەر پەردەی بەرین کرابوو، جل و بەرگی ناوچەی بەهدینان، کە بەتایبەتی لەشانۆی (دهۆك)ەوە هێنرابوو، مۆسیقایەکی ئەوتۆ کە ناوچە و سەردەمەکەی دەگەیاند و دەربارەی ڕووداوەکان بوو، کە کاری هونەرمەند (قادر دیلان) بوو.

ئەو شەوە تا ڕۆژ بوویەوە، هەر لەخەیاڵی ئەو شانۆیە دابووم، کە لەپەنجەرەوە بینەری بووم، بەڵام ئەو داخەی کە پێدام، کە نەمدەتوانی بەباشی بیبینم، بۆیە بۆ ڕۆژی دوایی، هەر زوو چوومە بەر دەرگای هۆڵەکەو(١٥٠) فلسم لەمشتووما توند نوقاندبوو، تکتم بەرکەوت و لەم کورسی بۆ ئەو کورسیم بوو، شوێن گۆڕکە هەتا بزانم لە کام شوێنەوە داخۆ بەجوانی دەیبینم، بەرە بەرە کات بەرەو و نواندنەکە دەکشاو، بەلێشاویش خەڵك خۆی بۆ ناو هۆڵەکە دەکوتا، تەواو پڕبوو، منیش زۆر دڵم خۆش بوو، لەناوەڕاستی ڕیزی پیشەوەدا بووم بەچوار لادا دەمڕوانی، بەڵام هەر ئەوەندەم خۆشبوو، کابرایەکی ئەفەندی تێکسمراو، بەدەنگێکی گڕی ناقوڵا بانگی لێ کردم: ئا دەی کاکە بچکۆل گیان، بەقوربانی کوڕبم، ئیتر لەڕوودامام و ناچار، بەنا بەدڵی چوومە ناو پەنجەرەکەوە، چونکە دیوارەکانی بە بەرد کرابوو، قووڵیەکەی (شەست حەفتا) سانتیمەتر دەبوو، بۆیە توانیم بەو کەماڵی ئیسراحەتەوە، چوار مشقی لێی دانیشم. ئەوا ئەمجارەش بەڵام هێندە لەبینینەکەی دوێنم باشتر نەبوو، ئەوا بینینی شانۆیی(مەم و زین)م، دووجار بینی، بەڵام ئەو جۆرە بینینە، یەکەمیان لەو دیوو پەنجەرەوە، دووەمیان لەم دیوو پەنجەرەوە، بۆیە ناهەقم نییە گەر ئەو ساتانەی ئەو دوو ڕۆژەم لەزەینا نەسڕێتەوە...

**ڕۆژی(٢٣) ی مانگی شوبات کە دەیکردە ڕۆژی(٤) ی ڕێبەندانی کوردی، ئەو ساڵە کە ساڵی (١٩٥٨) بوو، شانۆی(مەم و زین) ە کەی(ئەحمەدی خانی)، لەلایەن قوتابیانی ناوەندی شەوانەوە پێشکەش دەکرێ، ڕۆژانێکی باران و هەور و هەڵابوو، دەرهێنەرەکەی مامۆستا(ئەنوەر تۆفی) بوو**


# شەقامێک بەناوی نەجوا کەرەم دەکرێت



خەڵکی شاری زەحلەی لوبنانی بڕیاریاندا وەك وەفایەك بۆ خانمە گۆرانیبێژ (نەجوا کەرەم) کە کچی ئەو شارەیە، یەکێك لەشەقامە سەرەکیەکانی بەناوی بکەن.

نەجوا کەرەم لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی خەڵکی شارەکە وتی: نازانم بەهیچ شێوەیەك وەسفی خۆشی و شادی خۆم بکەم، ئێوە سەلماندتان ڕێز لەو کەسانە دەگرن کە بچووکترین خزمەت بەشار و وڵاتی خۆیان دەکەن، بۆیە من هەروەك چۆن هەمیشە بەبەردەوام شانازیم بەئێوەوە کردووە ئێستاش و تا لەژیاندا مابم هەمیشە شانازی بەشارە خۆشەویستەکەمەوە دەکەم و بەڵێنتان پێ دەدەم لەڕێگای هونەرەکەمەوە هەرچی لەتوانامدا هەبێت پێشکەشی ئێوەی دەکەم.

لەلایەکی دیکەوە کچێکی لوبنانی دانیشتووی ئوستralیا هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەیەك دەکات بەناوی (کۆمەڵەی نەجوا کەرەم) کە ئامانجی بریتییە لەبڵاوکردنەوەی کەلتوور و فەرهەنگی لوبنانی لەئوستralیا، کارلا غەزەل کە کچێکی لوبنانی و دامەزرێنەی ئەم کۆمەڵەیە دەڵێ: ئێستا هەوڵەکانمان چڕ کردۆتەوە لەڕێگای چەند کەسێك بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەت لەسەر دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، مەبەستی سەرەکیشمان لەدامەزراندنی بریتییە لەدووبارە زیندووکردنەوەی کەلتووری لوبنانی، چونکە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی جالیەی لوبنانی لەو وڵاتە زمان و کلتووری خۆیان لەبیر کردووە یان خەریکە لەبیری بکەن، کارلا زیاتر وتی: یەکێکی تر لەئامانجەکانمان بریتییە لەیارمەتیدانی لوبنانییەکان بۆ ئەوەی دووبارە پێوەندی پتەویان بەوڵاتەکەی خۆیانەوە هەبێت.



# ئیشواریا خەمی قەڵەوی نییە

زیادبوونی کێشی شاجوانی پێشووی هیندستان و ئەستێرەی سینەمایی (ئیشواریا ڕای) گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لەنێو ڕاگەیاندنەکان ناوەتەوە، چونکە دوای ئەوەی بووە دایك کێشی لەشی زیادبوو.

بەڵام پێدەچی ڕای زۆر گوێ بەم مەسەلەیە نەدات، چونکە لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤارێکی فەرەنسیدا ڕایگەیاند کەوا زۆر جددی نییە لەکاری نواندن و هەست دەکات کە پێویستی بەئەنجامدانی وەرزش نییە بۆئەوەی ببێتە خاوەن لەشێکی ڕێك وجوان، شایەنی وتنە لەکۆتایی ساڵی ڕابردوو یەکەم منداڵی لەئەبیشاك باتشان بوو.



# میریام:
# کەس فێرم ناکات چی دەکەم و چی ناکەم

کچە گۆرانیبێژی لوبنانی میریام فارس ڕایگەیاند کە ئەو بۆ هەر بۆنەیەك جلوبەرگی تایبەتی خۆی هەیە کە بەویست و ئارەزووی خۆی هەڵیدەبژێرێت.

میریام دەربارەی جلوبەرگەکانی زیاتر دەڵێ: هیچ کەسێك فێرم ناکات چۆن دەرکەوم و چی لەبەر بکەم و چۆن لەبەری بکەم یان بۆ ئاهەنگەکان چ جۆر و ڕەنگێك بپۆشم، هەروەها وتیشی: من بەپێی بارودۆخ جلوبەرگ دەپۆشم و هەڵیدەبژێرم و لەبەر ئەوەی بڕوای تەواوم بەخۆم و هەڵبژاردنەکانی خۆم هەیە دوو دڵ نیم لەهەڵبژاردنەکان.

سەبارەت بەوەی بۆچی جلوبەرگی هەمیشە سەرنجڕاکێشن، میریام دەڵێ: نەخێر هەمیشە جلوبەرگەکان مایەی وروژاندن و سەرنجڕاکێش نین، چونکە من بۆ هەر بۆنەیەك جۆرێکی تایبەت دەپۆشم، بۆ نموونە ئەگەر لەکەناڵێکی ئاسمانی بێ جلوبەرگم جیاوازە لەوەی لەکەناڵێکی لۆکاڵ دەرکەوم.



## کرێی فاتیما تەنیا ٤ ملیۆن دۆلارە



بیرین ساتی کچە ئەکتەری تورکی کە بە(فاتیما) ناسراوە ئێستا بەخاوەنی زۆرترین کرێ دادەنرێت کە تا ئێستا لەمێژووی هونەری تورکیدا هونەرمەندێك بەدەستی هێنابێت.

بیرین سات کە ئێستا خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لەوڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی، بەم دواییە بڕی ٤ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە وەك کرێی لەکۆمپانیای (Ay Yap) بەمەش دەبێتە خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لەمێژووی تورکیادا.

شایەنی وتنە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لەوڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی دوای نمایشکردنی زنجیرەکانی (العشق الممنوع) و ئێستاش زنجیرەی (فاتیما) نمایش دەکرێت کە توانیویەتی زنجیرەی (دۆڵی گورگەکان) لەسەر لوتکە لابدات لەڕووی جەماوەرییەوە.

## مەیس: توانای نواندنی هەموو ڕۆڵێکم نییە

کچە ئەکتەری ئوردنی مەیس حەمدان ڕایگەیاند کە ناتوانی بەهیچ شێوەیەك ڕۆڵی ئیغرا پێشکەش بکات، چونکە ئەم ڕۆڵانە سەرنجڕاکێشن دوور نییە ئەم کەشەی کە لەفیلمەکەدا دروست دەبێت پەرە بسەنێت.

مەیس لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (نورت) وتی: پێوەندیم زۆر خۆش و بەهێزە لەگەڵ دەرهێنەری میسری خالد یوسف و بەردەوام قسە دەکەین، بەڵام بیرم لەوە نەکردۆتەوە کاری هونەری لەگەڵ بکەم، چونکە من نامەوێ بەهیچ شێوەیەك ڕۆڵی ئیغرا پێشکەش بکەم، مەیس زیاتر وتی: من دژی ئەو ڕۆڵ و ئەو کەسانە نیم کە پێشکەشی دەکەن، بەڵام توانای ئەوەم نییە، چونکە کەشێکی زۆر تایبەت لەنێوان دوو کەس دروست دەکات کە لەوانەیە پێوەندییەکە پەرە بسەنێت هەر لەناو خودی فیلمەکە و دوور نییە لەوە دەرچن کە دەرهێنەر بۆی داناون.

مەیس هەروەها وتی: پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بۆ من مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و هیوادارم کەسێك بدۆزمەوە کە بگونجێت لەگەڵم، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە ژیانی خێزانیی زۆر لەلا گرنگترە لەژیانی هونەری بۆئەوەی ئەزموونی ئەو هونەرمەندانە دووبارە نەکاتەوە کە هونەریان لەسەرووی هەموو شتێکەوە داناوە و لەکۆتاییشدا لەژیانی خێزانیدا سەرکەوتوو نەبوون یاخود تەنانەت هەندێکیان تا ئێستاش نەیانتوانیوە ژیانی خێزانی پێك بهێنن.



## هۆزان ئالین:

# بەزمانی بیانی خزمەتی هونەری کوردی دەکەم

هۆزان ئالین خەڵکی ناوچەی دێرکا حەمکۆی ڕۆژئاوای کوردستانە، ئێستا لەوڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، تا ئێستا دوو سیدی بڵاوکردۆتەوە و خەریکی ئەنجامدانی سیدیی سێیەمیەتی، هەروەها جگە لەزمانی کوردی بەچەندین زمانی دیکە گۆرانی دەڵێ، ماوەیەك بوو لەکوردستان بوو بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری.

ئالین یەکێکە لـــەو هونەرمەندانەی کە گۆرانییەکی هونەرمەند ئەیاز یوســـفی بەشێوە و دابەشکردنێکی نوێوە بڵاو و تۆمار کردەوە و پێیوایە هەمیشــــە میللەتی کورد تووشـــی زوڵم و و زۆرداری و هەوڵی لەناوبردنی زمان و کەلتوری دراوە، گۆرانی کوردیش بێبەش نەبـــووە لەو هەوڵانە کە بۆ لاوازکردن و لەنابردنی دراون، ئەوەی کە گۆرانی کوردی بەزیندوویی هێشـــتەوە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بوون، بۆیە گۆرانی فۆلکلۆری بەبناغەی هونەری کوردی دەزانێت و بۆیەش هەوڵ دەدات هەمیشە بەدەنگ و ستایلی خۆی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بەشـــیوازێکی نوێ بڵێتـــەوە بۆئەوەی لەڕێگای فۆلکلۆری ڕەســـەنی کوردەوارییەوە خزمـــەت بەکەلتور و هونەری میللەتی خۆی بکات، ئالین وای دەبینێت کە فۆلکلۆر گوزارشت لەناخـــی هەر نەتەوەیەك دەکات و ڕابردووی زیندوو دەکاتەوە، بۆیە پێویستە بەچاوێکی بەرزەوە سەیری فۆلکلۆری خۆمان بکەین.

ئالین پێشـــوازی کردنی جەماوەر لەسیدییەکان بەجۆرێك لەپێوەر دەزانێت بۆئەوەی کە توانیویەتی مافی ئەو گۆرانییە فۆلکلۆریانە بدات کە پێشکەشـــی کردوون و دەڵێ: لەهەردوو سیدی پێشوومدا ژمارەیـــەك گۆرانـــی فۆلکلۆر هەبـــوون، ئەگـــەر ڕەخنەیەکیش لەسیدییەکان گیرابێت، بەڵام ڕەخنەیەکی ئاسایی بوو و منیش پێم باش بووە، ئەگینا پێشوازی جەماوەر لەسیدییەکان من بەنیشانەی ئەوەی دەزانم کە توانیومە مافی گۆرانییەکە بدەم.

جگە لەزمانی کـــوردی ئالین بەچەندین زمانی دیکەی بیانیش گۆرانی دەڵێ، ســـەبارەت بەم مەسەلەیە ئالین دەڵێ: من بەزمانی ئەرمەنی و ئاشـــووری گۆرانیم وتوە و هەردووکیانیشـــم بەکلیپ بڵاوکردۆتـــەوە، هەروەها لەســـاڵی ٢٠٠٧ لەیەکەم ســـیدی خۆمدا بەزمانی سریانیش گۆرانیم وتووە، لەسیدی سێیەمیشدا گۆرانییەکم بەزمانی ئینگلیزی دەبێت، هەروەها بەزمانی ڕووســـیش گۆرانیم وتـــووە، واتە جگە لەزمانی کـــوردی بەپێنج زمانی دیکە گۆرانیم وتوە، پێیوایە ئاســـاییە هونەرمەنـــد بەزیاتر لەزمانێك گۆرانی بڵێ و دەربارەی هەڵبژاردنی تێکســـتی گۆرانـــی غەیرە کوردی دەڵێ: من خۆم زۆر جار تێکســـتی ئینگلیزی دەنووســـم، هەروەها کچە هونەرمەندێکی ئەڵمانی نیشـــتەجێی بەرلین بەناوی (کاسرین) زۆر هاوکاریم دەکات، هەروەها مامۆســـتایەکی دیکە هەیە (ناتالیا)ی پێدەڵێن ئەویش زۆر هاوکاریـــم دەکات بەتایبەتی لەدانانی قافیەی شـــیعری ئینگلیزی و ئەڵمانی ئەمیـــش زۆر هاوکاریم دەکات لەو گۆرانیانـــەی بەزمانـــی ئەڵمانی و ئینگلیزی دەیڵێم، تێکســـتی گۆرانییەکانیش نەتەوەیی و ئەڤینداری بوون.

هەندێك کـــەس پێیانوایە وتنی گۆرانـــی بەزمانی بیانی زیاتر خزمەت بەو زمانە دەکات نـــەك زمانی خودی هونەرمەندەکە، لەم بارەیەوە ئالین ئاماژە بەوە دەکات کە دەســـتپێکی کاری هونەری و هاتنـــە ناو مەیدانەکە بەمەبەســـتی خزمەتکردنی هونەری کوردی بووە بەهەموو شێوەیەك، ئێستاش هەوڵ دەدات شتی نوێ پێشکەش بـــکات، من حەز دەکەم بەچەندین زمان گۆرانی بڵێم و هەوڵ دەدەم کورد و کەلتور و هونەرەکەی بەنەتەوەکانی دیکەش بناسێنم و پێیان بڵێـــم هونەرمەندی کوردی جگە لەزمانی خۆی دەتوانێت بەزمانی دیکەش گۆرانـــی و بڵێت و چۆن خزمەت بەهونەری خۆی دەکات دەتوانێت خزمەت بەهونەری دیکەش بکات و لەڕێگای ئەم کارەوەش دەتوانین هونەری خۆمان زیاتر بناســـێنین لەنێو میللەتانی دیکەی جیهان بەتایبەتی ئەو میللەتانەی کە هاوســـۆزن لەگەڵ کێشـــەی کورددا.

ئالیـــن پێوەندیی لەگـــەڵ هونەرمەنـــدان بەبـــاش دەزانێت جا هونەرمەنەندانـــی کورد بن یان بیانی و بەحوکمی ئەوەی لەئەڵمانیا ژیان بەســـەر دەبات و ناتوانێـــت بەردەوام لەکوردســـتان بمینێتەوە پێوەندییەکانی بەو شێوەیە نییە کە خۆی حەز دەکات، بەڵام سەرەڕای ئـــەوەش پێوەندییەکانی بەباش دەزانێت، ئالین دیســـان لەم بارەیەوە دەڵێت: لەسیدیی یەکەمم کە بەناوی (من بهیستییە) یەکەم کلیپی ئەو ســـیدیە لەگەڵ هونەرمەند خەیرۆ عەباس کارم کرد، لەسیدیی دووەمیش لەگـــەڵ هونەرمەند کاوە گۆرانییەکمـــان بەدۆیت وت، لەسیدی سێیەمیش لەگەڵ هونەرمەندێکی ئەڵمانی کار دەکەم.

پەیامی ئالیـــن لەڕێگای هونەرەکەی ئەوەیە ڕۆح و هەســـتی بەخاکی کوردستان و کەلتور و هونەری کوردییەوە گرێدراوە، زۆریش حـــەز دەکەم لەڕێگای هونەرەکەمـــەوە خزمەتێك بەگەل و وڵاتەکەم بگەیەنم و هەمیشـــە لەپێشـــکەوتن بەردەوام بم و ڕۆژ دوای ڕۆژ داهێنانی نوێ لەکاری هونەری خۆمدا بکەم و هونەرێکی ڕەســـەن کە هەڵقوڵاوی ئەم میللەتە ســـتەمدیدەیە بێت پێشـــکەش بکەم و بەجیهانیش بڵێم کە ئێمەی کوردیـــش هیچمان لەنەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە.

لەپـــاڵ کارە هونەرییەکانی ئێســـتا ئالین خەریکـــی خوێندنە و قوتابی ماجستێرە لەبواری دەرمانسازی، ئەمەش بۆ ئافرەتێك ئاسان نییە، بەڵام هـــەوڵ دەدات جۆرێك لەباڵانس لەنێوان کاری هونەری و خوێندن ڕابگرێت ئەمەش لەســـەر حســـابی ئەرك و ماندووبوونی خۆیەتی، بەڵام وەك خۆی دەڵێت زۆر حەز لەدیسپلین و ڕێز لەکات دەگرێت و کاتی خۆی دابەشکردووە بۆئەوەی بتوانێت سوود لەکاتی خۆی وەربگرێت، چونکە لەوڵاتێکی وەك ئەڵمانیا ئەگەر کەســـێك هونەرمەنـــد بێت و لەهەمان کاتدا قوتابیش بێت ئەگەر باڵانســـێك ڕانەگرێت، ئەوا سەرکەوتنی لەهەردوو بوارەکە زۆر زەحمەت دەبێت.

دەربارەی سێیەم سیدی خۆی کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە و بڕیار وایـــە لەدەرفەتێکی نزیکدا بڵاوبکرێتەوە هـــۆزان ئالین دەڵێ: ئەم سیدییە لە١٢ تراك پێکهاتووە و کە جگە لە ز ما نی کـــوردی بەزمانـــەکای ئینگلیزی و ئەڵمانیش گۆرانی تێدایە، یەکێك لەگۆرانییەکان بەهەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانییە، تێکستی دوو گۆرانیـــی هی خۆمە، هەروەهـــا دوو گۆرانـــی بەشـــێوەزاری ســـۆرانییە کـــە بەدوو لەخۆشـــترین گۆرانییەکانـــی مـــن دادەنرێـــن و ئـــەرك و ماندوو بوونێکی زۆریشم کێشا تاکو توانیم تەواویان بکەم، بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی جوان و خۆشە و هیوادارم بەدڵی جەماوەر بێت.

